**وەزارتی ناوخۆ**

**ژمارە: ( ٢٠٤٣٠ ) لە ٢٠١٧/١٢/١٢**

## بەیانی

### ژمارە ( ١٦ )ی ساڵی ٢٠١٧

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەرێنمایی فراوان کردن و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی٢٠١٥ و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٨٠٩٨) لە ٢٠١٧/١١/٢٩ و لەبەر هەبوونی گشت مەرجەکانی رێنمایی سەرەوە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-**

- **پەسەندکردنی حەرەمی گوندی ( گەرووی ئۆمەر ئاغا ) سەر بەناحیەی دیانا / قەزای سۆران لە پارێزگای هەولێر و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بە رووبەری (٧٩) دۆنم و (٢) ئۆلك لەسەر پارچەی زەوی ژمارە (١/١) لە کەرتی ١٣/ب شێخان سەری بردی بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ).**

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارتی ناوخۆ**

**ژمارە: ( ٢٠٤٢٩ ) لە ٢٠١٧/١٢/١٢**

## بەیانی

### ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ٢٠١٧

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەنووسراوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٥٧٠) لە ٢٠١٧/١١/١٩ بە بڕیاریان ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠١٧ و دوابەدوای بەیانمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٤ و ئاماژە بەنووسراوی ئیدارەی ڕاپەرین ژمارە (٧٣٣) لە ٢٠١٧/٧/١٠ بڕیارماندا بە :-**

- **گۆڕینی ناوی گوندی ( شۆرش ) بۆ ( بارە پانە ) لە ناحیەی ژاراوە / قەزای پشدەر/ ئیدارەی ڕاپەرین .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە .**

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**